# "بەرەی کوردستانی و چەن پەیڤێك"

مەحەممەد رەحمانی

دەمێکە باس لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت بە گەرم و گوڕی هاتۆتە ئاراوە و هەر کەس و لایەنێك بۆچوون و ڕوانگەی خۆی لە مەڕ ئەم بابەتە دەبڕیوە و بوارێکی لە مەسەلەکە خستۆتە بەر باس و لێکۆلّینەوە. دیارە مێژووی ئەم بیرۆکەیە تایبەت بە ئەمرۆکە نیە چەندین ساڵە باس لە جۆرێك هاوبەندی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاّتدا لە گۆڕیٚ دایە.

هیچ حاشا لەوە ناکریٚ کە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت ئەمرۆکە وەك زەروورەتێك دێتە بەرچاو و دەبیٚ هەرچی زووتر هەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەلّبگیریٚ. هەر جۆرە ئێهمال کردن و پشتگویٚ خستنی ئەم مەسەلەیە لە داهاتوودا خەسارەتێکی قەرەبوو نەکراوەی لێدەکەوێتەوە و دیارە کە) هزینە) ئەم خەسارەتەش بەرۆکی گەلەکەمان دەگرێتەوە.

هەر وەك دیارە ڕووداوە یەك بە دوای یەکەکانی ئەم دوایيانەی جیهان، ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەراستی خستۆتە ژێر ڕکێفی هێندیٚ گۆڕانکاریی ئیستراتژیکی سیاسی و نیزامی و کلتووری و ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە. ئەوەلّ هەنگاوی ئەم گۆڕانکارییانە بە لابردنی حکومەتی "تالیبان"لە ئەفغانستان دەستی پێکرد و پاشان بە ڕوخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس لە عێراق پەرەی سەند و ئەمرۆ باس لە سەر گۆڕانکارییەکی گەورەتر، واتە تێکرمانی حکومەتی کۆماری ئسیلامی ئێران لە ئارادایە.

لە لایەکی دیکەوە بارودۆخی نێوخۆی ئێران لەو پەڕی شپرێوی و ئالّۆزیی دایە و گۆڕانکاریی قووڵ و هەمەلایەنە لە ئاستێکی بەر بلاّودا چاوەڕوان دەکریٚ. دیارە کوردستانی ڕۆژهەلاّت لە چەقی ئەم گۆڕانکارییانە دایە و بێگومان هەر جۆرە جموجوّلێك کارەی تێدەکات. جا هەر بەم بۆنەوە دەبیٚ ڕەنگ و ڕوو و گوڕ و تێنێکی تایبەتی بە خەباتەکەمان ببەخشین و خۆمانی بۆ ساز و تەیار کەین و بۆ ئەم مەبەستەش دەبیٚ هێز و تواناکانمان هاوتەریب کەین و بەرەو یەك دەنگی و تەبایی و یەکگرتن هەنگاو بنێین. دەبیٚ خۆمان بە یەك چارەنووسەوە گریٚ بدەین و هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و بەگشتی ئەوەی زەرەیەك بیر لە چارەنووسی گەلەکەی دەکاتەوە، دەبیٚ وەك کورد– نە وەك حیزب و تاقم و دەستە و گروپ – دەنگ هەلّبێنن و داواکارییەکانیان بەرجەستە بکەن و لە هەلی ڕەخساو کەلّکی بە جیٚ و درووست وەربگرن. دیارە بۆ گەیشتن بەم نیازە، پێکهێنانی بەرە یان ئیئتلافێك بە بەشداری هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسی و ڕوشنبیری و هونەرییەکانی کوردستان، باشترین و شیاوترین ڕێگایە و لەم وەزعییەتەدا، هێنانە گۆڕی هەر باسێکی غەیری ئەم بابەتە و هەر وەها بە لارێدا بردنی، زەبرێکی هەرە گەورەیە کە لە پەیکەرەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەلاّت دەکەویٚ و ڕێگا بۆ دووپات بوونەوەی ئەزموونی تالّی سالاّنی ڕابردووی کوردستانی باشوور هەموار دەکا.

دیارە زۆر لایەن و حیزب و کەسایەتی بە پێی دید و بۆچوونەکانیان، هەلّوێستی خۆیان لە مەر دامەزراندنی بەرە دەبڕیوە و هەر کام بە چەشنێك داوایان لە لایەن یان چەن لایەنیك کردووە کە بۆ پێکهێنانی بەرەی دلّخواز هەنگاو هەلّێنن. لەم نێوانەدا تەنیا خالّی هاوبەش لە نێوان خوازیارانی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی هەست کردن بە زەروورەتی پێکهاتنی جۆرێك هاوبەندی و خەباتی هاوبەشە لە نێوان هێز و لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکان. بەلاّم ئەوەی جێی سەرنجە و زۆر لایەنیش دەخاتە بەر ڕەخنەوە، چۆنیەتی پێکهاتن و ئەندامانی پێکهێنەر و مەبەست لە داواکاری بۆ پێکهێنانیەتی. لایەنێك مافی ئەندامیەتی بە یەك هێز ئەدات و هێز و لایەنەکانی دیکە بێوەری دەکا و وەلاّیان دەنیٚ ! لایەنێکیش بۆ شاردنەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی ڕابردووی خۆی بەم بیانووەوە هەلّیکوتاوەتە سەر ئەوی دی و تێدەکۆشیٚ بیروڕای گشتی بە لارێدا بەریٚ ! لایەنێکیش بوونی خۆی بە "گارانتی"و "کۆلّەکە"ی پێکهێنانی ئەو بەرەیە دەزانیٚ و بەشداری هیچ لایەنێکیتر نەك بە پێویست نازانیٚ بەلّکوو حاشا لە بوونیشیان دەکا ! و لایەنێکیش ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە پێناو بەدی هاتنی ئامانجە گلاّوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەنگاو دەنێت ! پرسیار ئەوەیە ئایا

بەم جۆرە بیرکردنەوانە و مەبەست و ئامانجانە، دەکرێ بیر لە یەکگرتن و هاوبەندی بکرێتەوە ؟ ئایا ئەمە، وەلانان و لە بیرکردنی ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و خۆشاردنەوە لە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییی و خۆ خەریك کردن بە هێندێ خالّی لاوەکییەوە نیە ؟ تا کەی "کۆمەڵەی خزم وخێشان "و" قابلەمێك دوڵمە بەشی هەموویان دەکات " و" جەماعەتی عەولاّ سمێلّ "و" حیزبەکەی مام عەولاّ " و. . . تد ببێتە بنێشتە خۆشەی زارمان و شانازی بەوە بکەین کە توانیومانە چەن ناونیتکە بنێین بەم یان بەو حیزب و لایەنەوە ! تا کەی دەبیّ "من. . . من. . . " و "من حەقم و تۆ ناحەق" بکەین و هێز و تواناکانمان لە پێناو خراپ کردن سەنگ و سووك کردن ئەم لایەن و حیزب یان کەسایەتی خەریك بکەین ؟ ئایا بە وەدەرنانی لایەنێك و یان ناو نەهێنانی، چ بەوی دی دەگات کە لەم بە جیّ دەمێنیّ ؟ بۆ دەبیّ بە جێی یەکتر بەلانان و حاشا لە بوونی یەکتر کردن هاندەری یەکتر و پاڵپشتێکی لانی کەم بیّ مەترسی بۆ یەکتر نەبین ؟ ئایا سیاسەت کردن و خاوەن ئەخلاق و شعوری سیاسی بوون هەلاّتن لە راستییەکان و خۆ حەشاردان لە ژێر رق و کینی لە بن نەهاتو و لە ئاکامدا پەنا بردن بۆ وشە پرزِق و برق و خەونە رەنگینەکان و تاکسی لێخوڕینەکانی ئەوروپایە و لەوێشەوە بە مەرامی دلّی خۆمان دەست بدەینە خالّی کردنی بای "معدە"مان ؟ ئایا قەد بیرمان لەوە کردۆتەوە کە خەلّکانێك کە ئێمە ئیدیعای رێبەرایەتی و پێشڕوییان دەکەین ئەگەر ئاگاداری ئەم جۆرە هەڵسەکەوتانە بن (کە بێگومان ئاگادارن) لە بارەمانەوە چۆن بیر دەکەنەوە ؟ ئایا ئێوە لە سەر ئەو باوەڕە نین ئەو زەبرەی هێندیّ لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەلاّت بە ئینشعاب و هەڵویستی نابەجیّ و. . . تد، لە ماوەی چەند سالّی رابردوودا و ئەمرۆشی لە گەڵدا بیّ لە پەیکەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان وەشاندووە کۆماری ئیسلامی لێمانی نەوەشاندووە ؟ ئێمەی کوردی ئەڵماس سیفەتی خۆ خۆر بە جێگەی ئەوە کە خۆمان بۆ دوا پێشهاتەکان ئامادە کەین و خۆمان لە گەلّ بارودۆخدا بگونجێنین و هەنگاوەکانمان پتەوتر دانێین، لە سیاسەت ئەوەندە تێگەیشتوون کە ماکیاولیزم بوون عەینی سیاسەتە، ئەم بەلاوە دەنێنن و ئەو بەرز دەکەینەوە و ئەو دێنینە خوارەوە و خومان تا ئاستی ئەوی دی هەڵدەکێشین و کوردستان بەش بەش و لەت لەت دەکەین و لە گەڵیشیدا قورخێنەی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ بوونمان رۆژە رێگایەك دەڕوات.

هەر وەك پێشتر باس کرا پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیك بە بەشداری هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و هونەری و هەموو چین و توویژەکانی کۆمەلگایّ کوردستان بە بیّهەلاّواردن وەك زەروورەتێك دێتە بەرچاو و دەبێت تواناکانمانی بۆ وەگڕ خەین و تێبکۆشین کە هەرچی زووتر هەنگاوە عەمەلییەکانی بۆ هەڵگرین و بۆ پێکهێنانی هاوبەندی و خەباتێکی هاوبەش و ئەوپەڕی لێهاتووی لە خۆمان نیشان بدەین. بە بیّ خۆمەلاّسدان لە بەرژەوندییە کاتییەکان پێش لە دوو جەمسەری کردنی کوردستان و بە فیڕۆدانی هێز و تواناکانمان بگرین و رێگا بە دەستەبەر کرنی ئاواتە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی نەدەین و هیوا و ئاواتی گەلەکەمان بە ئاودا نەدەین و شەرمەزاری خوێنی رژاوی شەهیدانمان نەبین.

2003/7/24

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.